لیژنەی یاسایی پەرلەمان کەموکوڵی لە بڕیارەکانی "دادگای فیدراڵی وئەنجومەنی دادوەری" سەبارەت بە لەبوردنی گشتی دەستنیشان دەکات

ئەمە پێنجشەممە،دارا حەمە ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان، حاڵەتێکی کەموکوڵی لە بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی و ئەنجومەنی باڵای دادوەری سەبارەت بە یاسای لەبوردنی گشتی دەستنیشانکرد.

حەمە لە لەدوانەکیدا بۆئاژانسی موتەعە-ی ڕاگەیاند، "کەمتەرخەمی لەلایەن دادگای فیدراڵی و ئەنجومەنی باڵای دادوەرییەوە هەیە لەو بڕیارانەی سەبارەت بە جێبەجێکردنی ڕەکارەکانی یاسای لەبوردنی گشتی دراون". شایەنی باسە دادگای فیدراڵی بڕیارێکی دەرکردبوو بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سەیاساکە، لەنەویاندا یاسای لەبوردنی گشتی، ئەمەش دوای تانەیەک کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە تەمارکرابوو سەبارەت بە ڕەوایەتی دەنگدان لەسەر یاساکان بە یەک پاکێج.

پاشان ئەنجومەنی باڵای دادوەری وەڵامی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دایەوە بە پابەندکردنی دادگاکان بە بڕدەوامبوون لە جێبەجێکردنی "لەبوردنی گشتی"، جێختی لەوە کردەوە کە دروست نییە جێبەجێکردنی یاسایەک بوەستێنرێت کە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە یاساڕێژی بە کراوە پێش ئەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاوبکرێتەوە.